# جەمیل بایک هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات



جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان-کەجەکە، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ میدیای فەرمی پەکەکە، باسی لە هێرشەکانی تورکیا و "هاوکاری" پارتی بۆ تورکیا لەو هێرشانەدا و هەروەها ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرد.

جەمیل بایک سەبارەت بە هۆکارەکانی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وتی: "بارزانییەکان ناڵێن با هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت بەڵکو دەڵێن با دوابخرێت تا کۆتایی ئەمساڵ، چونکە ئەردۆغان دەڵێت با زیاتر لە باشوردا بڵاوببینەوە، دیارە پێکەوە پیلانەکیان داڕشتوەو لە چاوەڕێی بڵاوبونەوەی زیاتری سوپای داگیرکەری تورکدان لە باشوور، بەو شێوەیەش دەرفەتی ئەنجادانی هەڵبژاردن ناهێڵنەوە".